شیعر



عومەر سەیدە

# لەوێ بووین... ئێوارەی گریان
# لێرە بووین... شەوەکانی سەفەر

دەرگەکانی بەدبەختی بەرزتربوون تا ئومێد
پەنجەرەکانی گریان کراوەتربوون تا زەردەخەنە
باخچەکانی دڵتەنگی فرەتربوون تا خۆشبەختی
خۆشبەختی لە ئاوێنە تەڵخەکانەوە وەکو تارماییەکی درۆینە دەردەکەوت
تارماییەکان زۆر بوون
هێندەی دوودڵی من لە عیشقی تۆ
هێندەی خەمەکانی من بۆ دووری تۆ...
تۆ کۆترێک بوویت هیچ غروبێکت نەدەخواست
لەسەر دوا چڵی درەختی تەنیاییەکانی من هەڵنیشتی
بە تەنیشتی خەمەکانمەوە
بۆ بەدبەختییەکانم کەوتییە لاوانەوە ناوەختەکانت
بە دەم بۆڵەوە خەو دەیبردییەوە بۆ لای پەشیمانییەکانت لە عیشقی من
تازە ئیتر باڵەکانت بچووکن
ناتگەیەنن بە هیچ ئاسمانێک... مەگەر ئاسمانی گریانەکانی من



لەوێ بووین شەوەکانی... گریان... من و تۆ

لەوێ بووین ڕۆژەکانی بێزاری... من و تۆ

لێرە بووین... شەوەکانی سەفەر... من و تەنیایی و

هاژەی شەپۆلە چارە تاڵەکانی دەریا

لێرە بووین... ڕۆژەکانی بێ هیوایی

من و خەیاڵەکانی مردن و

چاوی قڵیشاوی ڕەقیبە دڵڕەقەکان و

چەخماخەی هەوری چاوەڕوانییەکان...

لێرە بووین... کۆتا ڕۆژەکان هەر لێرە بووین

پایزی ٢٠٠٨